# شەهید جەمال پیاوێکی ئازاو مەردبوو

ئەم یادەوەرییانە ئەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سالأنی شەستەکان, بەلأم لەسەرەتای حەفتاکانا, ئەم پەیوەندییانە زیاتر گەشەی کرد, سەبارەت بەوەی مامۆستا بووین لە قوتابخانەی بۆتان لەسەرچنار ئەو پەیوەندییە درێژەی کێشا تا سالّی 1974 کە چووینە دەرەوە لەویّ زیاتر لەیەك نزیك بووینەوە ئەوباسی ڕێکخستنێکی تازەو بیرو بۆچوونێکی تازەی بۆ ئەکردم و لای خۆی ڕێکی خستم تا گەڕاینەوەو لەناو شاریش هەولّماندا ئەوڕێکخستنە بەرجەستە بکەین‌و بچینە ناوجەماوەرەوە, بۆیە یەکەم کۆبوونەوەمان لە ڕۆژی 14/7/ 1975 لەمالّی شەهیدی نەمر, ئەحمەد ئابلأخی ئەندازیار ئەنجامدا کە لەخانووەکانی کارگەی شەکر بوو لەو کۆبوونەوەیەدا جگە لەمن‌و شەهید ئەحمەد مامۆستای تێکۆشەر محەمەد عەبدوللا مەعروفیش ئامادە بوو. لەوکۆبوونەوەیەدا شەهید بەدورودرێژی لەبارو دۆخەکە دواو داوای لێکردین کە خۆمان کۆبکەینەوەو زۆر بە نهێنی و وریاییەوە بچینە ناوجەماوەر, جاڕی بەرگری‌و خۆکۆکردنەوە بدەین لە ژێر ئالأی شۆڕشێکی نویّ‌و بەبیرو بۆچوونێکی نوێوە کە ڕێبەرەکانی خەلّکی تێکۆشەرو خوێندەوارو رابوردو پاك‌و هەلّقولأوی ناو هەناوی جەماوەرن, هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ئیشکردن لەو ڕێکخراوەدا کارێکی ترسناك‌و مەترسیدارە, وە بەدرێژیش باسی لەهۆکارەکانی هەرەس کرد لەگەلّ چەند ئامۆژگارییەکی تر. دواجار کارەکانمان دابەشکرد وە وایان بە چاك زانی لیژنەکەمان ناوبنێن لیژنەی ناوچەی سلێمانی‌و هەموو هەفتەیەك لەمالّی یەکێك لەوبرایانە کۆببینەوە.

لەدابەشکردنی کارەکانا شەهید چوونە ناوجەماوەری مامۆستایانی بەمن سپارد, لەگەلّ هەندیّ کاری‌تر‌و دەستمان کرد بەکارکردن‌و گەشەکردن. پێمان نایە سالّی 1976وە, ڕۆژێك شەهید جەمال نامەیەکی شەهیدی سەرکردە هاوڕیّ ئارامی نیشان دام کەداوای کۆکردنەوەی ڕێکخراوەکان‌و پۆلین کردنیان ئەکات شەهید داوای ڕای لێکردم, بەنامەیەك وەلأمم دانەوە کە ئێمە تازە خەریکی ڕێکخستنین ئێستا هەلّناگری پارچەپارچە بکرێت باواز لەم بۆچوونە بهێنن تا ماوەیەکی تر, بەلأم من هەر لەیەکەم ڕۆژەوە خەریکی کاری خۆم بووم, لەناو مامۆستایاناو پەیوەندیی بەهێزم هەبوو کۆبوونەوەم ئەنجام ئەدا لەگەلّ بەڕێزان مامۆستایان (ئەمجەد مەلا کاکە حەمەو ئەنوەر محەمەد سلێمان و ئەبوبەکر ماوەتی‌و محەمەد عەتی‌و ئەحمەد مەلا محەمەد توتنچی‌و محەمەد رەشید فەتاح و خوالێخۆشبوو جوامێر فلأمەرز نۆفل و لەتیف نامق..هتد) و ئەوانیش لە ڕێگەی خۆیانەوە پەیوەندییان بە دووسیّ مامۆستاوە هەبوو کە ژمارەمان لەو ڕۆژەدا لە 40 مامۆستا نزیك ئەبۆوە...

لەسەرەتای سالّی 1977دا ڕێکخستن بەهێزتربوو, ژمارەمان زیادی کرد ورەی جەماوەر بەرزبۆوەو باوەڕی زیاتر بە ڕێبازو ڕێبەرەکان کردو گیانی بەرگری‌و بەرەنگار بوونەوەو چەند چالاکییەکی پێشمەرگە سەرەتاییەکان ئەنجامدرا, لەم ڕۆژانەدا شەهید جەمالم ئاگادار کرد کە مامۆستایان لە سلێمانی ژمارەیان نزیکەی 40کەسەو ئامادەین بۆ هەر فەرمانێك.. پاش ماوەیەك ئاگاداری کردم‌و ناونیشانی دوو مامۆستای بەڕێزو تێکۆشەری دامیّ کە یەکێکیان شەهیدی نەمر یوسف دەرگەلّەیی لە هەولێرو ئەوی تریان شەهیدی نەمر عەبدولقادر مەلاعومەربوو لەشاری کەرکوك کە پەیوەندییان پێوە بکەم‌و کارێك بکەین بۆ ژیانەوەی (ی.م.ك) و منیش دەسبەجیّ پەیوەندیم بە هەردوکیانەوە کردو جێگەیەکمان دانابۆ کۆبوونەوەی هەرسێکمان لە یەکەم کۆبوونەوە کە لەسلێمانی لە مالّی ئێمە بوو, بەدورودرێژی لەمەبەستی ئەم کۆبوونەوەیە دواین‌و ڕێو شوێنی گونجاومان دانا بۆ چوونە ناو مامۆستایان‌و کۆکردنەوەیان و هەر(15)شەو جارێك کۆبوونەوە لەمالّی یەکێکمان. پاش چەند دانشتنێك پەیرەوو

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

پرۆگرامێکمان ئامادەکردو یەکەم کۆنفرانسمان لە سەلاحەدین بەست بە ئامادەبوونی نوێنەری پارێزگاکانی سلێمانیوهەولێرو کەرکوك. لەوکۆبوونەوەیەدا پەیڕەوو پرۆگرام‌و بەرنامەکەمان پەسەند کرا.

سکرتاریەتێك بە شێوەیەکی کاتی دانرا کە بریتی بوو لە هەردوو شەهید یوسف‌و عەبدولقادر و من, دەستمانکرد بە کارکردن هەموو ئەم کارانە لەژێر چاودێری‌و ئاگاداری‌و ڕێنمایی شەهید جەمال ئەنجام ئەدرا.

لەبیرمان نەچێ ئەمە لایەنێکی کارەکان بوو, لایەنی دووەمی کاری ڕێکخستنی کە شەوڕۆژو بەبەردەوامی لەهەوڵ‌و هاتوچۆدا بووین, بۆ کۆکردنەوەی خەڵك‌و کۆمەك‌و پێداویستی بۆ پێشمەرگەو جێبەجێکردنی داواکانیان.

ئەم پەیوەندییەمان درێژەی کێشا, تا ڕۆژی چوونەدەرەوەی شەهید.

لەسەرەتای ساڵی 1982دا بەنامەیەك داوای لێکردم کەسەردانی بکەم لەناوزەنگ, منیش لەگەڵ بەرێز مامۆستا فەرەیدون دارتاش سەردانم کرد, مەبەست لەوداواکردنەش ئەوەبوو, پاش ئەوەی ئێمە کۆنفرانسمان بەست لە سەلاحەدین‌و پەیڕەووپرۆگرامەمان چاپکرد کۆمەڵێك مامۆستا کەتازە چووبوونە دەرەوەو بێئاگا بوون لەوەی (ی.م.ك) هەیەو دامەزراوە کۆبوونەوەیەکیان کردبوو مامۆستایانیان دامەزراندبوو. سکرتاریەتی ئێمەش نامەیەکی گلەیی بۆ بەرێز (م.س) نارد تیایا نارەزایی دەربڕیبوو, لەو کۆبوونەوەیە کە بەناوی دروست بوونی (ی.م.ك)وە ئەنجامدراوە. بۆیە شەهید داوای کردم لەوێش لەگەڵ شەهید جەمال و بەرێزان فەرەیدون عەبدولقادرو قادری حاجی عەلی‌و رەفعەت عەبدولرەحمان کۆبووینەوەو پاش تاووتوێ کردنی ڕووداوەکان, بڕیار درا کە نیوەی ساڵی خوێندنی 1982کۆنفرانسێك بگیرێت, مامۆستایانی شارو شاخ تیا بەشداری بکات, تیایا کێشەکان چارەسەر بکرێت‌و سکرتاریەتی تازەی تیا هەڵبژێرێت‌و پەیڕەو پرۆگرامێك دەرهەق بەوبارو دۆخەدا بڕێژرێت. ئەوەبوو لە نیوەی ساڵی 1982دا, لە بالیسان بەئامادەبوونی نوێنەرانی شارو شاخ لەژێر چاودێریی بەرێز د. کەمال خۆشناو بەرپرسی مەڵبەندی 3ی هەولێر کۆنفرانس بەستراو کارەکانی ئەنجامداو لە سلێمانی ئەم بەرێزانە بەشداربوون (ئەحمەد ساڵح عەبدولرەحمان, محەمەد عەبدولکەریم کاکە حەمە, عەزیز محەمەد ئەحمەد, عومەر مستەفا محەمەد, وەسفیە بن وەیس, سعاد ئەحمەد رۆستەم, فەوزی مەلا مەحمود, محەمەد رەئووف محەمەد تۆفیق, محەمەد مەلا حسێن..) لە هەولێر( شەهید یوسف‌و لەکەرکوك شەهید عەبدولقادر) هەریەکە لەگەڵ ژمارەیەك مامۆستا بەشدارییان کرد کە بەداخەوە ناوەکانیان نازانم.

لەدوای ئەوسەردانەی ناوزەنگەوە, جارێکی تر شەهید جەمالم نەدییەوە, بەڵام تا ڕۆژی شەهید بوونی چەند جارێك نامەی تایبەتی بۆ ئەناردم, تیایا هەواڵی تەندروستی وماڵ‌و منالی ئەپرسی منیش وەڵامم ئەدایەوە کە هەواڵی شەهید بوونیشیم بیست, وەك هەموو هاوڕێیەکی دڵسۆزی کۆست کەوتو, تازێ باربووم, بەڵام ئەو ڕووداوە جەرگ بڕە زیاتر هانی دام‌و پاڵی پێوەنام, بۆ خەبات‌و کارکردن. چونکە شەهیدی سەرکردە, مامۆستام بوو لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی نوێخوازمانا, پیاوێکی ئازاو مەردو دەست پاك‌و داوێن پاك بوو, هەموو گیانی دڵسۆزی‌و لەخۆبوردن بوو, خەم خۆرو بەئەمەك بوو راست گۆو قسە لەڕوو بوو زیرەك‌و وشیار بوو, قارەمان‌و خۆڕاگرو نهێنی پارێز بوو لە بەندیخانەدا, دڵفراوان‌و بێ فیزو قسەخۆش هەمیشە پێکەنین لە ڕوویا بەدی ئەکرا, هەزار سڵاو لەگیانی پاکی لەیادو یادەوەریەکانی. بەشەهید بوونی زیانێکی گەورە لە شۆڕش‌و (ی.ن.ك) کەوت کە هێشتا جێگەی پڕ نەبۆتەوە!

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

محەمەد مەلا حسێن

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docucdesk.com